# دوایین گەڵا

## نووسینی ئۆلیڤەر هنری

## پ.ی.د. محمد عزیز سعید لە ئینگلیزیەوە وەری گێڕاوە

## کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت ، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

دوایین گەڵا ، کورتە چیرۆکێکی ئەمەریکیە ئۆلیڤەر هنری ( ولیام سیدنی پۆرتەر) نوسیویەتی. لەساڵی 1907 بەچاپی گەیاندوە. نووسەر لە 1862/9/11 لە کارۆلایناى باکوور-ئەمەریکا لە دایك بووە و لە 1910/6/5 لە نیویۆرك لەتەمەنی 47 ساڵیدا کۆچی کردوە.

لە 2020/3/15 لەکاتی قەدەغەکردنی هاتووچۆ لە هەولێر و سلێمانی بە هۆی پەتای کۆڕۆنا وەرگێر کردویە بە کوردی.

لە بەشێکی بچووکی شار، لە ڕۆژئاوای چوار ڕێیانی واشنتۆن، شەقامەکان سەر لێ شێوێنەر بوون. شەقامەکان بە هەموو ئاراستەیەك دا سووڕابوونەوە. گەڕەکەکە کراوە بە پارچە پارچەی بچووك، پێ یان دەگوترێ " شوێنەکان". شەقامێکیان چەند جارێ سووڕاوەتەوە. جارێکیان وێنە کێشێك، شتێکی بە نرخی دەربارەی ئەم شەقامە دۆزیەوە. وای دابنێ وێنەکێشێك هەموو پێداویستیەکانی وێنەکێشانی پێ یە و دەیەوێ وێنەی شتێك بکێشی تاوەکوو ئێستا وێنە نەکێشرابێ. وای دابنێ ئەو پیاوە ، پارەی پێ نیە، وای دابنێ هاتووە پارە کۆبکاتەوە. بەشەقامەکە دا شۆڕ دەبێتەوە، کاتێك دەزانی گەڕاوەتەوە هەمان شوێنی خۆی. بەبێ ئەوەی هیچ سەنتێکی دەست کەوتبێ. ئەم بەشەی شار، ئەم گەڕەکە پێ ی دەڵێن " گووندی گرینیچ".

وێنە کێشەکان هاتنە گووندی گرینیچ، ژووریان بەکرێ گرت، ژوورەکان ڕووناکی باشیان هەیە، کرێ یەکەیان هەرزانە.

سوو وە جۆنسی ، لە نهۆمی باڵەخانەیەك بەیەکەوە دەژیان. دوو کچی لاو بوون. یەکێکیان لە شاری مایین هاتبوو، ئەوی تریان لە کالیفۆڕنیاوە هاتبوو. بۆ یەکەم جار لە خواردنگەیەکی شەقامی هەشتەم ، یەکتریان ناسی. گەلێ شتی هاوبەشیان هەبوو. هەردووکیان ، ئارەزووی هەمان شێوەی وێنەکێشانیان هەبوو. هەمان خواردن، هەمان جۆرە جل و بەرگ. بڕیاریان دا بە یەکەوە بژین، بەیەکەوە کاربکەن.

کات کاتی بەهارە. بەرەو زستان، پیاوێکی نەناسراو هاتە گووندی گرینیچ. کەس نەی دەناسی. بەناو خەڵکدا دەسووڕایەوە. پەنجە ساردەکانی لە ئەم و ئەو دەدا. پیاوێکی زۆر نەخۆش، تووشی نەخۆشی هەوکی سییەکان بوو بوو. لە ڕۆژهەلاتی شار، زۆر بەپەلە دەڕۆیشت، پەنجەی لەخەڵك دەدا. لەکۆڵانە تەسکەکانی گووندی گرینیچ، نەی دەتوانی خێرا بڕوات. ئەم پیاوە، کابرایەکی باش نەبوو. پیرەمێردی باش، هەرگیز، ئازاری ئافرەتی کالیفۆڕنیا نادات. ئەو پیاوە، پەنجە ساردەکەی لە جۆنسی دا. جۆنسی بە بێ جووڵە لەسەر جێگاکەی پاڵ کەوتبوو. لە پەنجەرەکەوە تەماشای دیواری ماڵی دراوسێیەکەیانی دەکرد. بەیانییەك ، دکتۆرە سەرگەرمەکە ، لە هۆڵەکە بەتەنیا قسەی لە گەڵ سوو کرد، جۆنسی گوێ ی لێ نەبوو.

دکتۆرەکە گووتی" جۆنسی، چانسی چاکبوونەوەی زۆر کەمە". " جۆنسی ئەگەر بیەوێ بژی، دەبێ ورەی بەرز بکاتەوە". " ئەکەر چەندکەسانێك نەیانەوی بژین، من ناتوانم چارەسەری بکەم". ئەم خانمە خۆی بڕیاری داوە ، چاك نابێتەوە. ئایا هیچ شتێکی هەیە؟ ئایا هیچ شتێك کێشەی بۆ دروست کردووە؟

سوو گووتی " جۆنسی، بەردەوام ویستوویەتی سەردانی ئیتالیا بکات، وێنەی کەنداوی ناپلس بکێشێ". وێنە بکێشی! وێنە نەکێشێ. هیچ شتێکی هەیە؟ کێشەی لە گەڵ هیچ پیاوێك هەیە؟

سوو گووتی " پیاوێك؟"، دکتۆر، پیاو ئەوە دەهێنێ؟ نەخێر. هیچ پیاوێك لە ژیانی دا نیە.

دکتۆرەکە گووتی " لاوازییەکەی"،" ئەوەی لە توانامدایە دەیکەم بۆ ئەوەی چاك ببێتەوە. بەلام کاتێك نەخۆش هەستی مردن بەسەری دا زاڵ دەبێ ، نیوەی کارەکەم بێ سوود دەبێت. ورە لەدەست نەدان زۆر گرنگە، نیوەی چاك بوونەوەیە. قسەی لە گەڵ بکە، باسی جل و بەرگی زستانی داهاتووی بۆ بکە. ئەگەر ئارەزووی داهاتووی هەبێ، چانسی چاك بوونەوەی زۆرتر دەبێ."

دکتۆرەکە ڕۆیشت، سوو ڕۆیشتە ژووری کارکردن، دەستی کرد بەگریان. دووایی چووە ژووری جۆنسی، هەندێ مادەی وێنەکێشانی هەلگرتبوو، گۆرانی دەووت. جۆنسی ڕاکشابوو، زۆر لاواز و غەمگین. تەماشای پەنجەرەکەی دەکرد. سوو لەگۆرانی ووتن وەستا. وای زانی جۆنسی خەوی لێ کەوتووە.

سوو دەستی کرد بەکارکردن، لەکاتی ئیشکردنی دا ، گوێ ی لە دەنگێکی نزم بوو. دووبارە، دووبارە. خێرا لە قەرەوێڵەکە نزیك بووەوە. جۆنسی چاوەکانی زەق کردبووەوە لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد، دەی ژمارد، بەردەوام دەی ژمارد. گووتی" دوازدە" کەمێکی تر گووتی " یازدە" ئینجا "دە" و " نۆ" ، "هەشت،حەوت".

سوو تەماشای دەرەوەی پەنجەرەکەی کرد، هیچی نەبینی، جۆنسی، ئەوە چی دەژمێری؟ تەنها دیواری ماڵی دراوسێیەکەیان لە پەنجەرەکەوە دیار بوو. دیوارەکەش پەنجەرەی تێدا نەبوو. دارێکی بەتەمەن لەوێ ڕوابوو، لقە درێژەکانی بەدیوارەکەوە نوسابوون . سەرمای زستان، دارەکەی پێکابوو. زۆربەی گەلاَی دارەکە وەری بوون، گەلاَرێزان بوو.

سوو گووتی " ئازیزم، ئەوە چیە؟"، " چی دەژمێری؟". جۆنسی بە دەنگێکی نزم گووتی"شەش". ئێستا خێراتر دەوەرن. سێ ڕۆژ لەمەو بەر، زیاتر لە سەد بەدارەکەوە بوو. ژماردنیان توشی سەر ئێشەی کردبووم. ئێستا باشترم. ئەها، یەکێکی تریش بەربووەوە. تەنها پێنج ماوە.

سوو گووتی " چی پێنج، ئازیزم؟"." گەلاَکان، بەدارەکەوە. کەدوایین گەلا دەوەرێ، منیش گیان لەدەست دەدەم". سێ ڕۆژە درکم پێ کردوە، دکتۆرەکە پێ ی نەگوتیت؟" سوو گووتی" هەرگیز ئەوەم نەبیستووە"، " گەلا وەرین، هیچ پەیوەندییەکی نیە، هیچ مانای نیە". ئەم پیرە دارە ، چی پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟ پەیوەندی بە چاك بوونەوەی تۆوە چیە؟ خۆ تۆ ئەم دارەت زۆر خۆش دەویست. گەمژە مەبە.

دکتۆرەکە گووتی، چانسی چاکبوونەوەت هەیە. ئەمرۆ بەیانی گووتی" چانست زۆر بەرزە". "ئێستا هەوڵ بدە، هەندێك بخەوی. منیش دەگەڕێمەوە سەرکارەکەم، وێنە کێشان. کەتەوامم کردن، دەتوانم بیانفرۆشم و خواردن ئامادە بکەم و بیخۆی، بەهێزتر ببی.

جۆنسی گووتی" پێویست ناکات، هیچم بۆبکڕی" بەردەوام، تەماشای دەرەوەی پەنجەرەکەی دەکرد." گەلایەکی تریش بەر بووەوە، نامەوێ هیچ بخۆم. تەنها چوار گەلا بەدارەکەوە ماون. دەمەوێ دوایین گەلا ببینم پێش تاریك بوون دەوەرێ. ئینجا منیش ماڵ ئاوایی دەکەم".

سوو گووتی"جۆنسی، ئازیزم"،"بەڵێنم بدەرێ، چاوەکانت دادەخەی و هەڵیان ناهێنی؟"." بەڵێنم بدەرێ تاوەکوو کارەکەم تەواو دەکەم، تەماشای دەرەوەی پەنجەرەکە ناکەیت.". پێوستە بۆ بەیانی ئەم وێنەیە ئامادەبکەم، پێویستیم بە ڕووناکیە، ناتوانم پەردەی پەنجەرەکە دابدەمەوە."

جۆنسی بە ساردییەوە گووتی" ناتوانی لە ژوورەکەی تر کار بکەی؟" سوو گووتی " حەزدەکەم لەلات بم."، " حەزناکەم تەماشای گەلاکان بکەی" . جۆنسی گووتی" کەی تەواو بویت، ئاگادارم بکەوە". چاوەکانی نووقاند، پاڵی دایەوە، سپی و بێ دەنگ." دەمەوی دوایین گەلا ببینم دەوەرێ. دەمێکە چاوەڕێم، زۆر بیرم لێ کردۆتەوە. منیش دەمەوی هەڵوەرێم، وەکوو یەکێك لەو گەلایانە."

سوو گووتی" هەوڵ بدە بخەوی"." پێویستە بانگی بهرمان بکەم بێتە سەرەوە بۆ ئێرە. دەمەوێ وێنەی پیاوێك لەناو ئەم تابلۆیەدا بکێشم، وێنەکە لەسەر شێوەی بهرمان دەکێشم. دواناکەوم، مەجووڵێ تاوەکوو دەگەڕێمەوە".

پیرە بهرمان وێنەکێش بوو، لە نهۆمی یەکەمی باڵەخانەکە لە ژوورێکدا دەژیا. تەمەنی شەست ساڵ زیاتر بوو. لە وێنەکێشان سەرکەوتوو نەبوو. ماوەی چل ساڵ وێنەکێشی کردووە، نەیتوانیبوو وێنەیەکی باش بکێشێت. بەردەوام باسی وێنەیەکی مەزنی دەکرد ، بە نیازە بیکێشێ ، خۆشی نەی دەزانی ئەو وێنە مەزنە چیە بە نیازە بیکێشی. ناوی لێ نابوو " شای وێنەکان".هەرگیز دەستی پێ نەکردبوو.

وێنە کێشەکان، وێنەی بهرمانیان کێشابوو، هەندێ پارەیان دابوویە. زۆر سەرخۆش بوو. بەردەوام باسی "شای وێنەکانی" دەکرد. باوەڕی وابوو ئەرکی ئەوە بۆ یارمەتی دانی سوو و جۆنسی ، چی پێویست بێت بیکا. سوو بهرمانی لە ژوورە تاریکەکە دۆزیەوە. دەی زانی خواردوویەتیەوە، بۆنی دەهات. باسی جۆنسی و گەلای دارەکەی بۆ بهرمان کرد. سوو گووتی" دەترسم جۆنسی بەر ببێتەوە، هەروەکوو گەلاکانی دارەکە بەردەبنەوە. هەست دەکەم جۆنسی وردە وردە لاواز دەبێ. پیرە بهرمان تووڕەیی دەربارەی ئەم بیرۆکەیە دەربڕی،" ئەوە دەڵێ ی چی" گریا" ، گەمژەی وا هەیە؟" ئایا خەڵك لەگەڵ وەرینی گەلای دارەکان دەمرن؟". لە ژیانم شتی وام نەبیستووە. نەخێر نایەمە سەرەوە، وێنەم مەکێشە. بۆچی ڕێگا بە جۆنسی دەدەی، بەو شێوەیە بیر بکاتەوە؟ سوو گووتی" جۆنسی زۆر نەخۆشە و لاوازە".

" نەخۆشیەکە، کەم کەمە ئەم بیرۆکە نامۆیانە دێنێتە ناو مێشکی جۆنسی". بەڕێز بهرمان ئەگەر ناتەوێ بێ ی مەیە. باوەرناکەم تۆ زۆر جوان بیت. بهرمان هاواری لێ کرد و گووتی " ئەم بیرکردنەوەیە، ژنانەیە" ،"کێ گووتی من نایەم؟" . برۆ لە گەڵتا دێم. نیو کاتژمێرە دەڵێم لەگەڵتا دێم. ئای خوایە گیان! ئێرە شوێنێکی وا باش نیە مرۆڤێکی نەخۆشی وەك جۆنسی لێ ی پاڵ بکەوێ. ڕۆژێك دێ شای وێنەکان بکێشم. هەمووومان ئێرە بەجێ دەهێڵین، ئای خوایە! بەڵێ.

کاتێك چوونە سەرەوە، جۆنسی خەوی لێکەوتبوو. سوو پەردەی پەنجەرەکەی دادایەوە. بهرمانی بردە ژوورەکەی تر. لەوێوە تەماشای دەرەوەی پەنجەرەکەیان کرد. بە ترسەوە تەماشای دارەکەیان کرد. بۆ ساتێك، تەماشای یەکتریان کرد، بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکەن. بارانێکی سارد، تێکەڵ بە بەفر دەباری. بهرمان دانیشت. سوو دەستی کرد بە وێنە کێشان.

بە درێژایی شەو، تاوەکوو بە یانی کاری کرد. تەنها یەك کاتژمێر خەوت. هەڵساو چووە ژووری نوستنی جۆنسی. جۆنسی چاوەکانی هەڵهێنابوو. تەماشای پەنجەرەکەی دەکرد و گووتی " دەمەوی بیبینم". سوو پەردەکەی لادا. هەرچەندە دوێنێ بە درێژایی شەو، باران باریبوو، ڕەشەبایەکی بە هێز هەڵی کردبوو. کەچی یەك گەڵا بە دارەکەوە مابوو. بە دیوارەکەوە نووسابوو. گەڵایەیەکی سەوزی تاریك، نزیك لقێکی دارەکە، لای خوارەوەی گەڵاکە بەهۆی تەمەن زەرد هەڵگەڕابوو. لقی گەڵاکە نزیکەی شەش مەتر لە زەوییەوە بەرز بوو. جۆنسی گووتی" ئەمە، دوایین گەڵایە"، " وام دەزانی، دوێنێ شەو ، هەڵوەریوە. گوێم لە دەنگی ڕەشەبایەکە بوو، ئەمڕۆ هەڵدەوەرێ. منیش لە گەڵیدا کۆچ دەکەم. سوو گووتی" ئازیز، جۆنسی ئازیزم" ، "ئەگەر بیر لە خۆت ناکەیتەوە ، بیر لەمن بکەوە. من چی بکەم؟"

جۆنسی وەڵامی نەدایەوە. ناخۆشترین تەنیایی لە دونیادا ، ئەوەیە کە ڕووح خۆی ئامادە دەکات بۆ گەشتی کۆتایی دوور. هاوڕێیە بەتینەکە، بە زەوی بەستنەوەکان، هەموویان یەك لە دوای یەك، دەپچڕێن.

جۆنسی ئەو ڕۆژەی زۆر بە هێواشی بەسەر برد. ئێوارە تاریك داهات. گەڵاکە بە ڕووی دیوارەکەدا هێشتا بە لقەکەوە مابوو. شەو داهات، ڕەشەبای باکوور دەستی پێکردەوە. باران لە پەنجەرەکەی دەدا. سەرلەبەیانی ڕۆژی داهاتوو، جونسی ویستی تەماشای دەرەوەی پەنجەرەکە بکات.

گەڵای دارەکە هەر لەوێ مابوو. جۆنسی بە درێژ بوونەوە ، ماوەیەکی زۆر تەماشای کرد. بانگی سووی کرد، خەریکی ئامادەکردنی خواردنی بەیانی بوو. جۆنسی گووتی " سوو، من کچێکی خراپ بووم" ، " شتێك وای کردوە ، ئەو گەڵایە بمێنێتەوە و نەوەرێ" ، بۆ ئەوەی نیشانم بدات کە من چەند خراپم. هەڵەیە بتەوێ بمری. ئێستا نان دەخۆم. یەکەمجار ئاوێنەکەم بۆ بهێنە، تەماشای خۆم بکەم، بزانم ڕووخسارم چۆنە. ئینجا دادەنیشم ، تەماشات دەکەم، خواردن ئامادە دەکەیت.

دوای کاتژمێرێك جۆنسی گووتی " سوو، من دەمەوی وێنەی کەنداوی ناپلس بکێشم". پاش نیوەڕۆ، دکتۆرەکە هات. بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ دکتۆرەکە بکا، سوو ڕێ ی نیشاندا بۆ هۆڵەکەی دەرەوەی ژووری جۆنسی. دکتۆرەکە گووتی" چانسی جۆنسی زۆر باشە". بەنەرمی دەستی سووی گرتبوو." ئاگات لێ ی بێ، گرنگی پێ بدە، چاك دەبێتەوە". ئێستا دەمەوێ پیاوە نەخۆشەکەش ببینم. ناوی بهرمانە. وابزانم ئەویش وێنە کێشە. ئەویش هەوکی سییەکانی هەیە.

مایك پیاوێکی لاوازی بەتەمەنە، زۆر نەخۆشە. هیچ هیوای چاکبوونەوەم پێ ی نیە. بەڵام پێویستە بیگوازینەوە بۆ نەخۆشخانە. مردنی، بە گوێرەی توانا، بۆ ئاسان دەکەین. ڕۆژی دوایی ، دکتۆرەکە بە سووی گووت" جۆنسی باشە، چاك بووەتەوە، سەرکەوتوو بوویت.خواردن و گرنگی پێ دان – چی ترنا".

پاش نیوەڕۆ، سوو هاتە ژووری جۆنسی، دەستی لە ملی کرد و گووتی" دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم"." بهرمان ئەمڕۆ لە نەخۆشخانە، بە نەخۆشی هەوکی سییەکان ، کۆچی دوایی کرد". تەنها دوو ڕۆژ نەخۆش بوو." ئەمڕۆ یەکێك لە ژوورەکەی دۆزییەوە، مردووە، بە ئازارەوە مرد".

" پێڵاوەکانی و جلەکانی تەڕ، وەکوو سەهۆڵ سارد بوون. کەس نەی زانی، دوێنێ شەو، لە کوێبووە. دوێنێ شەو، باو بۆران بوو، شەوێکی زۆر سارد و ترسناك بوو". " شتێکیان دۆزیوەتەوە، تۆرچە، دوێنی شەو، بهرمان لەگەڵ خۆی بردوویەتیە دەرەوە، پێداویستەکانی وێنەکێشان لەوێ بوون. بۆیەی سەوزو زەردی لێبوو"." ئازیزم، تەماشای دەرەوەی پەنجەرەکە بکە، هەست ناکەی بۆچی گەڵاکە لەگەڵ ئەو هەموو باو بۆرانەدا، نەجووڵاوە؟ ئای ئازیزم، ئەو گەڵایە، شای وێنەکانە. دوای وەرینی دوایین گەڵا، دوێنی شەو ، بهرمان لە سەر دیوارەکە، وێنەی کێشاوە".